# گەندەڵیی، ژەهری راسەقینەی رۆژهەڵاتی ناوەراست

**نووسینی: مایکڵ رۆبێن**

**رۆژی گەل بەکەمێ دەستکاریەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی**



سەرۆك جۆرج بۆش لەستراتیژی بەڕێوەبەرێتیەکەی خۆیدا بە دیموکراسیکردنی رۆژهەڵاتی ناڤینی کردەوەبە کۆڵەکەیەك. تا بزاڤە دیموکراتیەکان لەنیو هەموو نەتەوەو فەرهەنگەکەدا گەشە بکات، لەسیاسەتی ئەمریکادایە هەوڵبدات و کۆمەك‌و هاریکارییان پێبکات، ئەمەش بەمەبەستی سەرەکی بۆکۆتایی هێنانی ستەمکاری. (سەرۆك بوش ئەمەی لە وتاری سوێندخواردندا لە٢٠/١/٢٠٠٥ راگەیاند).

بەهۆی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بۆشەوە بێت یان نا،دەتوانین بڵێین کەدیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا پەرەی گرتووە. پاش چەندین دەیە لەبێبەشبوونیان لەمافی دەنگدان، ئەفغانیەکان‌و عێراقیەکان بەرەو سندوقی دەنگدان چوون‌و مافی دەنگی خۆیان بەکارهێنا. دوای چەندین ساڵ لەراپرسی‌و ساختەکاری پێشبرکێی داخراودا، فەلەستینییەکان‌و میسریەکان هەڵبژاردنی فرە لیستییان بەڕێوەبرد. دوای تیرۆکردنی رەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووی وڵاتی لوبنان، خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ پێشخستنی دیموکراسی‌و بەمەبەستی چاکسازی ریزەکانی خۆیان پتەوکردو یەکیان گرت.

گۆڕانکاری بەڵگە نەویستە، بەڵام درێژەدان بەو گۆڕانکاری‌یە لەهەبوونی گەرەنتیەوە دوورە. بەداخەوە هەردوو میدیای خۆرئاواو عەرەبی هاوکات تەقینەوەی بۆمبەکان‌و بەدیموکراسیکردن بەیەکەوە گرێدەدەن، بەڵام بەبڕوای من هەڕەشەی راستەقینە بۆ سەر چاکسازی‌و هێمنایەتی رۆژهەڵاتی ناڤین بەتەنیا تیرۆریزم نییە، لەراستیدا گەندەڵێیە. بەهەمان شێوە لەسەرتانسەری هەرێمەکە تا دێ گرفت‌و ئارێشەکە خراپتر دەبێت.

لەمەسەلەی کوردی عێراق بڕوانن، ماوەیەکی درێژە وەك مۆدێلی لیبڕالیزەکردن بەباڵی‌دا هەڵدەدرێت، وەلێ خەریکە دەبنە گاڵتەجاڕی‌و شەرمەزاری ناوچەکە. لەسەروبەندی تێکشکانی سوپای عێراق لەساڵی١٩٩١، کوردەکان لەدژی رژێمی سەدام حوسێن راپەڕین، سەرکردەکانی پارتەکانی کوردستان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە وڵاتە وێرانەکەیان. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ لەفەرمانڕەوایی پارتەکان، سەروەت‌و سامانی هەندێ لەسەرکردەکان بەملیاران دۆلار دەقەبلێنرێ. لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا گەندەڵی‌و خزم خزمانی‌و ناوچەگەرێتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەڕێوەدەچێ. دەسەڵاتداران نەك بە تەنیا دەستیان بەسەر باشووری کوردستان داگرتووە، بەڵکو رێگەنادەن هیچ بازرگانێکی بێگانە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بە بێ بەشداریکردنی یەکێ لەو بەرپرسانە مامەڵەی بازرگانی بکات.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەهەولێر دەڵێن: خەڵکی کوردیان بینیوە لەبەر ئەوەی شاباش‌و بەخشیشیان نەداوە زیندانی کراون. لەهەرێمی کوردستاندا پارتەکان، حزب‌و حکومەت‌و موڵکی تاتەکەسی‌و گشتیان تێکەڵاوکردووە. چەکداری باڵادەستە، تا میلیشیا باڵادەست بێ، یاسا بەرقەرارنابێ. چونکە میلیشیاکان بۆ جێبەجێکردنی داوای حزبەکانیان کاردەکەن. لەهەمان کاتدا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان) دەستەو ئەژنۆیەو دەسەڵاتی لێزەوتکراوە. دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان هیچی لەدەسەڵاتی پەرلەمانی سوریا یان لوبنان زیاتر نییە.

باجەکانی گەندەڵیی تەنیا بەپارە پێوانەناکرێ هەرچەندە سکانداڵی پارە رفاندن‌و دەست گرتن بەسەر داهات هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی نێوەخۆی ١٩٩٤ ـ١٩٩٧ی نێوان هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان بوو. مخابن نەك تەنیا خەڵکی دەڤەرەکە گەندەڵیی دەکەن، تەنانەت فەرمانبەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش تێوەگلاون‌و سیاسەتی رەشکاری بەڕێوەدەبەن. سەدام حوسێن نزیکەی دووملیار دۆلاری لەبەرنامەی نەوت بەرانبەر بەخۆراك لرف کرد. لە کاتێکدا منداڵانی عێراق لەبەر کەمی دەرمان‌و خراپی نەخۆشخانەکان دەمردن، سەدام‌و ئەندامانی بنەماڵەکەی لەعەممان موڵکیان دەکڕی‌و کۆشك‌و تەلاریان ساز دەکرد.

گەندەڵی بە ئەندازەی تیرۆریزم لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی عێراق ئاستەنگە. وەزیری بەرگری پێشووی عێراق، حازم شەعلان لەماوەی ٦ مانگدا نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری لوشدا.ژ مارەیەك کاربەدەستانی دیکەی وەزارەتی بەرگریش لەو دزیەدا تۆمەتبارکراون. ئەمە بەپێی دابونەریتی رۆژهەلاتی ناڤین کارێکی ترسناکە. چونکە دەکرا ئەم پارەیە بۆ چەکدارکردنی سوپای عێراقی بەکاربهاتایە تا شەڕی تیرۆریستانی پێبکردایە. بەگوێرەی زانیارییەکان هاوکارەکانی شەعلان لەوەزارەتەکانی کارەباو رێگاوبان میلیۆنەها دۆلاریان ماشیوەتەوە.

عێراق تەنیاو دەگمەن نییە. ئەوانەی سەردانی ئێران دەکەن، دەبینن کە قوتابیان توورەیی خۆیان بەرانبەر ئەو پرۆفیسۆرانە دەردەبڕن کە نمرە دەفرۆشن، ئەو پزیشکانەی لەبەرانبەر چارەسەرکردن بەرتیل وەردەگرن. هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی پۆستە دەوڵەتییەکانیان بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بەکاردەهێنن‌و پێیەوە سوود مەند دەبن. تەنانەت عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی سەرۆکی پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و سەرۆکی ئێستای دەزگای بەرژەوەندی نیزام، بازرگانی بەهاداری فستق (پستە) ی بۆخۆی قۆرخ کردووە. هەندێ لەدامەزرێنەرانی شۆرشی ئیسلامی هەمان شتیان لەبازرگانی نەوت‌و بازاڕەکانی ناردن‌و هاوردندا کردووە.

لەساڵی ١٩٩٥دا، دادگایەکی ئێرانی بازرگانێکی لەسەر پەیوەندی لەگەڵ (رێکخراوی کەمئەندام‌و چەوساوەکان)دا کە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری دزیبوو، سزادا. هەرچۆنێبێ ئێرانیەکان دەڵێن بریاری دادگایی کردنەکە زیاتر پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبووە نەوەك دادوەری. بەداخەوە بەشێکی یەکجار زۆری ئەو گەندەڵیانە بە بێ لێپرسینەوەو سزادان تێپەڕدەبن‌و بە فەرامۆشی دەسپێردرێن.

وەزیرە فەلەستینییەکانیش پۆست‌و دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بۆخۆ دەوڵەمەندکردن بەکارهێناوە تا ئاوەدان کردنەوە. دەسەڵاتی فەلەستینی شتێکی کەمی هەیە لەبەرانبەر ئەو چەندین ملیار دۆلارەی هاوکاری دەوڵەتان، پێشکەش بکات‌و نیشانی بدات. ئەوانەی رەخنە لەدەوڵەتی ئیسرائیل دەگرن، دەتوانن پەنجە بۆ بلدۆزەرەکانی غەزە راکێشن‌و گلەیی لەداخستنی سنورەکان بکەن، بەڵام خۆ رژێمی ئیسرائیل نەبوو کۆشکی پادشایانەی بۆ وەزیرە فەلەستینییەکان بینا دەکرد. پارە ناردنە دەرەوەی سوهای ژنی یاسین عەرەفات ساڵانە ٢٢ ملیۆن دۆلار دەبوو. لەساڵی ٢٠٠٣دا کۆمەڵێك پشکنەری ئەمریکی سامانی عەرەفاتیان بە ٣ ملیار دۆلار قەبلاند. بەرپرسی بڵاوکردنەوەی فەلەستینی، هیشام مەکی، کاتێ لەسەرەتای ٢٠٠١ دا کوژرا زیاتر لە١٧ ملیۆن دۆلار لەژمارەی بانکەکەیدا هەبوو. ئەمە لەکاتێکدا موچەی مانگانەکەی تەنیا ١٥٠٠ دۆلار بوو. دەتوانین هەمان پێوانە بۆ هەندێ دەسەڵاتداری باشووری کوردستان بکەین کە موچەی مانگانەکەیان تەنیا چەند هەزار دۆلارێکە، کەچی بە ملیۆنان دۆلاریان کۆکردۆتەوە.

لەژمارەی پاییزی ٢٠٠٤ی (Middle East Quarterly) عیسام ئەبو عیسا، کە ئەویش فەلەستینییە بەڕێوەبەری پێشووی بانکی نێودەوڵەتی، باس لەو شێوازانە دەکات کە هاوکارانی تری عەرەفات لەرێیەوە ملیۆنەها دۆلاریان لەگیرفان ناوە. ئەمە لەکاتێکدا کە پەنابەرانی فەلەستینی لەنێو ئۆردوگاکاندا لەنێو قوڕو چڵپاودا ژیانی کولە مەرگی بەسەر دەبەن.

لەقاهیرەو عەممان بارودۆخەکە کەمێك جیاوازە، حوسنی موبارەکی سەرۆك کۆمارو پادشا عەبدوڵلای دووەم کۆشکەکانیان لەجیاتی قوتابخانە بینا دەکەن. لەجەدە، لەعەرەبستانی سعودی، خەڵك لەهەفتەیەکدا چەندین رۆژ زێرابەکانیان بە تەنکەر بەتاڵ دەکەنەوە، بەڵام ئەوپارەیەی کە بۆ سیستەمێکی ئاوەڕۆی پێشکەوتوو تەرخان کرابوو دیارنەما. بە پێی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عومان‌و ئیسرائیل بە پاکترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەژمێردرێن، هەرچەندە لەسەر ئاستی جیهانیدا لە پلەی بیست‌وهەشتەمین. وڵاتانی ئەفریقی وەك سوازیلاند، مالاوی‌و مەدەغەشقەر لەپێشەوەی یەمەن‌و لیبیاو دەسەڵاتی فەلەستینەوە ریزکراون. دیسانەوە ناکرێ وڵاتانی کەم دەرامەت‌و دواکەوتووی ئەفریقیا بکرێنە مۆدێل بۆ وڵاتانی عەرەبی خاوەن پەترۆل.

لەراستیدا تیرۆریزم تراژیدیایە، تەقینەوەی ئۆتۆمبێل لەبەغداو بەسرەو بەیرووت دەیان ماڵ وێران دەکات، بەڵام گەندەڵی کاریگەری نەگەتیڤ لەسەر ملیۆنان مرۆڤ جێدەهێڵێ.

بەو دزیانەی سەدام حوسێن دەکرا چارەسەری هەزاران منداڵی عێراقی بکرێ، ئەوانەی بە هۆی نەخۆشیەوە گیانیان بەخشی لەنێوچوون. هەرەشەکە ئەوەنییە کە قوربانیەکانی گەندەڵی دەبنە تیرۆریست، بەڵام لەنێو هەناوی ئەم گەندەڵیەدا گەرای تیرۆر دادەنرێ‌و پێدەگات. (مالی) یەکێکە لەپێنج هەژار ترین وڵاتانی سەر رووی زەمین، کەچی هێشتا خانەی ئازادی وەك دیموکراتیترین دەوڵەتی جیهانی ئیسلامی ئاماژەی بۆ دەکات. وڵاتی مالی تیرۆریزم بەرهەم ناهێنێت. عەرەبستانی سعودی بەرهەمی دەهێنێت‌و پەروەردەی دەکات.

کوردەکانی عێراق، کە گەندەڵی دەسەڵاتدارانیان هەناسەی لەبەر بڕیبوون، ئەوەتا پشتگیری پارتە ئیسلامیەکان دەکەن. سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، ئەیاد عەلاوی خۆی وەك گەورەترین هیوای عەلمانی بوون دەناسێنێت، بەڵام گەندەڵی کابینەکەی ئەو پاڵی بە عێراقیە لیبڕالەکانیشەوە نا تا دەنگ بۆ ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی بدەن. مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بوو بە سەرۆکی ئێران نەك لەبەر ئەوەی ئێرانیەکان پشتگیری بۆچوونە توندرەوەکانی بوون، بەڵکو لەبەر قێزهاتنەوەیان لەرەفسنجانی بوو. ئێرانیەکان پێیانوایە رەفسنجانی بۆخۆی گەندەڵیـیە بۆیە دەنگیان پێنەدا. هەروەها حەماس سوودێکی زۆری لەگەندەڵی دەسەلاتی فەلەستینی وەرگرت‌و خۆی پێگەوەرەکرد. لەلایەکی دیکەوە خەڵکی تورکیا لەبەر بۆچوونی ئایینی نەبوو کە پارتی دادو گەشەپێدانی رەجەب تەیب ئەردۆگانیان هێنایە سەر کورسی دەسەلات، بەڵکو لەپەتای گەندەڵی پارتە سیاسییەکانی پێشوو بێزار بوون‌و بە دوای ئەلتەرناتیڤ دەگەران.

کاتێك ئیسلامیەکان دێنە سەر حوکم، دیموکراسی‌و لیبڕالیزم‌و ژنان زیانیان لێدەکەوێ. لەوانەیە واشنتۆن بیەوێ دیموکراسی بڵاوبکاتەوە. لەوانەیە ریفۆرمخوازانی عەرەب بیانەوێ گفتوگۆ لەسەر شێوازی چاکسازی بکەن، ئایا چاکسازی بە شێنەیی، لەناکاو، بەپەلە دەکرێ. هەنگاوەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەست پێدەکەن، یان لەخوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێن! بەڵام تا خەڵکی عەرەب لەسەرکردەکانی خۆیان نەپرسنەوەو رەخنەیان لێ نەگرن‌و تووڕەیان نەکەن. تا لەراگەیاندن‌و ئینتەرنێت‌و سەرشەقامەکاندا گفتوگۆی لەسەر نەکرێ، بە دیموکراسیکردن تەنیا شانۆگەریەکی رووت دەبێ‌و بەس.

سەرچاوە:

www.dailytar.com

> **کوردەکانی عێراق، کە گەندەڵی دەسەڵاتدارانیان هەناسەی لەبەر بڕیبوون، ئەوەتا پشتگیری پارتە ئیسلامیەکان دەکەن. سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، ئەیاد عەلاوی خۆی وەك گەورەترین هیوای عەلمانی بوون دەناسێنێت، بەڵام گەندەڵی کابینەکەی ئەو پاڵی بە عێراقیە لیبڕالەکانیشەوە نا تا دەنگ بۆ ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی بدەن**

# شکستەکانی رۆشنبیر لەدەرەوەی بازنەی یاخی بووندا

**ئەنوەر فەرەج**

**بەشی یەکەم**

**بەناخی گەلێك ئاشنابووم**
**بەلام نازانم بۆخۆم کێم**
**نزیکترین شت لێمەوە چاومەو**
**ئەوەی دەشبینم خەم نیم**
**(نیتشە)**

دژان‌و هاوبۆچوونانی بەرێزم، لەدەمی خوێندنەوەی ئەم راگەلەی پێش چاوتان، رەچاوی ئەوە بکەن‌و لەیاد نەکەن کە نووسەری ئەم بابەتەش لەبەراییەوە تادواخاڵ، وەك ئێوە ئەو خوێنەرەیە کەتا ئەم دەمەش ناتوانا بووە لەهەڵکردنی مۆمی ئەو خواستگایانەو بە پەروانەبوونی خۆی. بە ئیمێدم بە تەنها کەمێك تێفکرین بەو گوزارەیەم ئاشنابن. ئەوەی لەم بابەتەشتدا کەمێك دەکەوێتە ژێر تیشکەوە، هەردوو چەمکی یاخی (یاخی بوون‌و رۆشنبیرە) و زۆرینەی گوزارەکانیش وا دەخوازێت کە لەهەندێك شوێندا وا لێك بئاڵێن پێویستمان بە جیاکردنەوەیان نەبێت.

هەر ئەم بابەتە خۆشی دوورەپەرێز دەگرێت لەچەمکی رۆژشنبیری‌و تێگەکانی بەوهۆیەی.

١ ـ چەمکی رۆشنبیری جیهانێکی زۆر والآترەو لەناوخۆیدا هەردوو چەمکی (یاخی بوون‌و رۆشنبیر) دالّدە دەدات.

٢ ـ ئەم بابەتە بێ سڵەمێنەوە گوزارە لەوە دەکات کە فەزای ئێمە تا رادەیەکی گشتی، بونەوەرێکی تێدانیە بەرۆشنبیر ناوزەد بکرێت، داخۆ بەبێ رۆشنبیر باسکردن لەرۆشنبیری شێتی نییە؟!!.

کەواتە بابێینە باسی پێویست.

لەدیدی ئەم بابەتەوە یاخی بوون لەدوو پنتی جیاوازدایە.

یەکەم: ـ یاخی بوون وەك چڵێکی فسیۆلۆجی لەبونەوەراندا. ئەمەش ئەو بوونە سەپاوەیە کە هیچ بونەوەرێك لەکورتترینیانەوە تا باڵاترینیان کە مرۆڤ لێی بێ بەری نییە، ئەم جۆرەش لەیاخی بوون چاوگەکەی رۆتینیاتی (بوونە) (وجود) و شتێك نییە لەعەقڵەوە ئاراستەی عەقڵ بکرێت. زۆر لەخزمەتی بابەتەکەی ئێرەشدا نابێت گەر زیاتر لەسەری برۆین.

مەگەر نموونەیەکی ساکار بەسە بۆ ئەوە، کاتێك چۆلەکەیەك دەیەوێت لەدەستت قوتار بێت دەنوکی وەك چەکی یاخی بوون وەگەڕ دەخات.

دووەم:ـ یاخی بوونی عەقلانیانە... ئەمەش ئەو یاخی بوونەیە کە وەك بەرئەنجامێکی پرۆسەی عەقڵیی مرۆڤ (گەر بێتە ئارا) هەموو گەمەکانی خود پەرستی‌و پیرۆزمەندێتی‌و ئەفسانەکانی خێڵ‌و جیهانی هێڵەسوورەکان دەحاتە گەورەترین شەڕی سەلماندنی بوونەوە. چاوگەکەشی ئاوەزە (عەقڵ)ەو لەعەقڵیشەوە ئاراستەی عەقڵ دەکرێت.

ئالێرەوە راستگەی شکستێکیان ئێخەمان پێدەگرن، وەك چی خۆمان ناو بنێین دەتوانین (رۆشنبیر، سیاسەت مەدار، مرۆڤ، یاخی)..... بەڵام ئایا کاممان ئەوین تەنانەت پێناسی (بوون)یش بمانگرێتەوە ئەگەر لەروانگەی چەمکی دووەمی یاخی بوونەوە بڕوانینە بابەتەکە؟

یاخی بوون گەر (لەشەڕەکانی عەقڵی خودەوە ڕووەو تێکڕای ئەو بونیادە فیکری‌و سلوکی‌و کەڵك خوازیەی خود هەڵگرێتی) دەست پێ نەکات ئەوا جارێکیتر چەمکی یاخی بوونیش لەبری ئەوەی رۆشنبیر لەو ئاستەنگە دەربێنێت کە تێیدایە، تووشی ئەو گاڵتە جاڕیە دێتەوە کە چەمکی رۆشنبیر لەژێر باریدا بە ئاستەم هەناسەدەدات. رۆشنبیر گەر درك بەوە نەکات کەتائەم دەمەش لەبەردەم یاخی بوونی (خود لە خود) کزو ملکەچ بێ دەسەلاتە، ئەوا دڵنیابن هەرچی تیشکی پێناسەی رۆشنبیر هەیە، بەر ئەو کائینە گێل‌و ناچارە نەکەوتووە. رۆشنبیرانی لەمەڕخۆشمان لەنووسەری ئەم بابەتەوە تادەگاتە ئەو زمانانەی کە لەشەقامەکانی کۆمەڵگای خۆماندا بەیاخی ناودەبرێن، کاممان هەیە تێکڕای سەنەم‌و شەیتانەکانی ناوەوەی خۆی تێکشکابێت؟

بۆ ئەوەی بە کاملی ئامادەگی دەرەوەی خۆی هەبێت‌و لەگەیشتن بە یاخیەکانی دیکەدا هێزی بۆ تێکشکانی شەیتانەکانی دەرەوەدا ئامادەکات نەك بۆ بنیاتنانی عەرشی جەللادانەی خۆی.

راستە دەتوانرێت پۆلێنکاریەکی سادە کە هیچ ماندووبوونی نەوێت لەنێوان ئەوانەدا بکرێت کە پایەکانی بوون بەرۆشنبیریان بەهێزترە بەلام سەرەنجام‌و چاوگەکانی یاخیبوون پێمان دەڵێن رۆشنبیر بوونی نییە!! ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەوتوێژە ئامادەیەی نزیکن لەو چەمکی (رۆشنبیر) ە نا کاملە.

دەکەونە چوارچێوەی تێڕوانینەکەی جۆرج تەرابیشی بۆ رۆشنبیران، لەلایەن پرۆژەکانی سیاسەتەوە یان تەوزیف دەکرێن یان بە پەراوێز.

ئەوەش لەکۆمەڵگای خۆماندا بەڵگەی ناوێت چەند کەسانێکی دەگمەن بە پەراوێز کراون‌و ئێدی بەگشتی تەوزیف کراوەکان نەك هەرئەرکە وەزیفێکانی بۆیان دانراوە بەڵکوو قەداسەتە بێزراوەکانی سیاسەت‌و دەسەلاتیش دەپارێزن.

بەم شێوەیە رۆشنبیر یان دەبێت دان بەوەدا بنێت لەبەردەم کۆمەڵگەدا کە رۆشنبیر نییەو ئەو لافە لێنەدات، یان دەبێت یاخی بێت بە هەموو ئەو مانایانەی لێرەدا باسی لێکرا، یان دەبێت کەوتی رۆشنبیرم لەبەردەم دادگای ئێستاو مێژوودا ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو دادگایە.

پێکەنین‌و گەمەیەکیش لێرەدایە، گەر دادگایەك هەبێت رۆشنبیر بخاتە ژێر فەرمانێکی قورس‌و ئەبەدیەوە، ئەوا هەموومان لە (رۆشنبیر) بوون یاخی دەبین‌و خۆمان وەك رۆشنبیر ناناسێنین. رەنگە تەنها کەسانێکی زۆرزۆر دەگمەن هەبن پێیان شەرم بێت لەرۆشنبیر بوون پاشگەز ببنەوە.

هەرچی یاخیبونیشە بە چەمکە عەقلانیەکەی، کارێکی دژوارەو سانا نییە، سانایی تەنها لە چەمکی یەکەمدایە کە بەبێ ویستی خۆمان لەگەڵ بونماندایە.

بەلام ئەوەی کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی بۆ هەر گۆڕانێکی پۆزەتیڤی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌و هتد .. چەمکە عەقلانیەکەی یاخی بوونە.

ئەم ئەرکەش یان (یاخی بوونی عەقلانیانە) گەر کەسێك هەبێت بتوانێت پێشمەرگەو ئالا هەلگری جەنگەکانی بێت تەنها ئەو کەسانەن کە دەتوانن رۆشنبیر بن واتا (رۆشنبیر نین) دەتوانن (ببن). بێرتڵد برێخێت گوتوویەتی (ئەوەی لە راستی ناگات گێلە، بەلام ئەوەی تێی دەگات‌و خۆی لێ گێلدەکات ئەوە تاوانبارە).

a.f.rahim@hotmail.co.uk

**ماویەتی**